# ئافرەتان بۆ کابینەی داهاتوو داوای ڕێژەی زیاتر دەکەن

ژیان عومەر شەریف:

**بارزانیی نەمر خاوەنی ئەو بیرۆکەیە بووە، کە ئافرەتی سەرکردەمان هەبێت**

**ئافرەتیش وەك پیاو دەتوانێت سەرکردایەتی بکات**

یەکێك لە پێوەرەکانی دەستنیشانکردنی پێشکەوتنی هەر وڵاتێك لە ئاستی دونیادا، بشداربوونی کارای ئافرەتە لە هەموو جومگەکانی کۆمەڵگە، گەرچی لە وڵاتانی زۆر پێشکەوتووش هێشتا ئافرەتان بو شێوەی یەکسان و نیوە بە نیوە نەیانتوانیوە لەگەڵ پیاواندا لە ئیدارەی وڵات و بڕیاری سیاسیدا خۆیان دەربخەن، بەڵام چەندین قۆناغیان بڕیوە و هەوڵی زیاتر کردنی ڕێژەی بەشدارییان لە کاروباری وڵاتدا بەردەوامە، لە هەرێمی کودستانیش لە دوای ڕووخانی رژێمی بەعسی تاوانبارو ئەنفالکار، لە وڵاتێکی وێران وکاولکراودا بناغەی ئاوەدانکردنەوە و گەشەی هەمەجۆری کۆمەڵگە دا نرا و بە هەموو کەموکوڕی و کەم ئەزموونییەکانی دەوڵەتدارییەوە تا ئێستا نموونەیەکی بەرجەستە لە سیستەمی دەسەڵاتی سیاسی لە ناوچەکەدا هاتووەتە ئاراوە، کە هەوڵی چەسپاندنی دیموکراسی و گەشەی پێگەی ئافرەتان ناکرێ لەبەر چاو نەگیرێ، لێ لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا زۆر جار ڕەخنەی ئەوە لە کابینەکانی حکومەتی حکومەتی هەرێم گیراوە کە ئافرەتانیان بە دەگمەن بەشدار کردووە و زۆر جار لە کابینەیەکدا تەنیا یەك وەزیری ئافرەتمان هەبووە. ئافرەتانی چالاکی سیاسی و مەدەنیش لە ڕێکخراوە حکوومی و ناحکوومییەکان بە پێویستی دەزانن، ئافرەتان گۆڕەپانەکە چۆڵ نەکەن و هەوڵبدەن بەرەنگاری ئەو بۆچوونە نارەوایانە بکەن کە پێش بە سەرکەوتنی زیاتریان دەگرێت، هەروەها داواکارن، ئافرەتان خۆیان بەرەوەپێش ببەن و لەو ڕێگەیەوە برەو بەتواناکانی خۆیان بدەن، بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە ئافرەتیش وەك پیاو دەتوانێت سەرکردایەتی بکات و لەکارەکانیشی سەرکەوتوو بێت . لە ئێستاشدا داوای دەرفەتی زیاتر



ئاشتی عەزیز:

## پەراوێزخستنی ژنان لەپۆستە حکوومییەکاندا چی دیکە مایەی قبووڵکردن نییە و پێویستی بە هەڵوەستە لەسەرکردنە

دەکرێ بۆ ئەوەی ئافرەتان لە کابینەی نوێی حکومەتدا بەشداری زیاتریان هەبێت

**لە بەشدارنەکردنی ئافرەت لەکابینەی حکومەتدا پارتی زیاتر بەرپرسیارە**

ژیان عومەر شــەریف ئەندامی پەرلەمانی کوردســتان لەخولی سێیەم،

زیادکردنی ڕێژەی ئافرەت لەپۆســتە حکومییــەکان بە مافێکی «مەشــروع» دەزانێت و دەڵێت «زۆرجــار رەخنەمان لەوە گرتووە، کــە بۆچی لــە دوو کابینەی ڕابردوودا یەك وەزیــری ئافرەتمان هەبــووە، ئەو وەزیرەش تەنیا بە یەکێتی نیشــتمانی رەوا بیندراوەو پارتی لەوەش بێبەشــکراوە، بێگومان لە بەشــدارنەکردنی ئافرەت لەکابینەی حکومەتدا پارتی زیاتر بەرپرسیارە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی پارتی دەبینین بارزانیی نەمر خاوەنی ئەو بیرۆکەیە بووە، کە ئافرەتی سەرکردەمان هەبێت، لەکۆنگرەی پێنج و شەشدا ئافرەت ئەندامی سەرکردایەتی بووەو حزبەکانی دی ئەو بیرۆکەیەشیان نەبووە، کەچی ئێســتا لەو بوارەدا پارتی لەبری پێشــەوەچوون، بۆ دواوە دەگەڕێتەوە، لەکاتێکدا ئافرەتان زۆر لەپیاوان جددیتر و ئیداریترن، لەپەرلەماندا ئەگەر ســەیری دۆســیەی ئافرەتەکان بکەن دەبینن حزوری ئافرەت لەدانیشتنەکانی پەرلەمان، لەکۆبوونەوە حزبییەکان، بە بەراورد لەگەڵ پیاوان چەندە، کاتی خۆی هەموو ڕێکخراوەکانی ئافرەتانی ســلێمانی یاداشــتێکیان بۆ ســەرۆکایەتی پەرلەمان بەرزکردەوە، تێیدا هاتبوو وەك چۆن لەپەرلەمان سیستەمی کۆتا بۆ ئافرەت دانراوە، پێوستە بەهەمان شێوەش لەحکومەتیشدا ڕێژەیەکی بۆ تەرخان بکرێت، بەشبەحاڵی خۆم کەبووم بەئەندام پەرلەمان ئەو یاداشتەم بەدەســتی خۆم دایە سەرۆکایەتی پەرلەمان کە ئەوکات شێروان حەیدەری سەرۆکی لیژنەی یاسایی بوو، بەداخەوە ئەوکات کاری لەســەر نەکرا، هیوادارم ئەمجــارە بخرێتە بەرنامەی کار و کاری لەســەر بکرێت، هەرچەندە لەگەڵ سیســتەمی کۆتادا نیم و حەزدەکــەم ئافرەت قۆڵ هەڵبــکات و بچێتە ناو کۆڕی خەبات و بەبازووی خۆی بگاتە پۆســتەکان، بەڵام لــەم قۆناغەدا هەتا کۆمەڵگە هەزمی بەشــداری ئافرەت لە کاروباری وڵاتدا دەکات، پێویستە ئەو سیستەمە پەیڕەو بکرێت» .

**ڕێژەی بەشــداریی ئافرەت لەهــەردوو کابینەی شــەش و حەوتی حکومەتی هەرێمی کوردســتان تەنیا یــەک وەزیری ئافرەت بووە، ئەو ڕێژەیەش لەگەڵ ویســت و داخوازی ئافرەتاندا نییە، بۆیە داوادەکەن لەکابینەی داهاتوودا ڕێژەی بەشداری پێکردنیان زیاتر بێت، هەروەها خوازیارن جگە لە پۆستی وەزیر، پۆستی بەڕێوەبەری گشتی بەشایستەی تواناکانی ئافرەت بزانرێت و لەپۆستە باڵاکانی حکومەت جێگەیان بکرێتەوە.**





ئەڤین عومەر ئەحمەد:

**ئافرەتی کورد لەبواری کاری ئیداری و سیاسیدا قۆناغێکی باشی بڕیوەو دەکرێ متمانە بەتواناکانی لە کاری حکومەتدا بکرێت**

بەیان سلێمان:

**پێویستە لانیکەم بە ڕێژەی ٢٥٪ ئافرەت لەکابینەی داهاتوودا بەشداری پێبکرێت**

**بەهیچ شێوەیەك نابێ ئافرەتان چاو لەدەستی پیاوبن**

وەســـفیە بەنی وەیس عەلی ئەندامی ســـەرکردایەتی یەکێتی نیشـــتمانی کوردســـتان، هەمان خواســـت و داواکاری هەیە و خوازیـــارە لەهەمـــوو کایەکانی بەڕێوەبردنـــی وڵات ڕێژەی بەشـــداری ئافرەت زیاد ببێت، گوتیشـــی «ئێمە ژنمان هەیە توانای ئەوەی هەیە پۆســـتی سەرۆکی حکومەتیش وەربگرێ، بەڵام کۆمەڵگەکەمان عەقڵییەتی پیاوســـالاری دواکەوتووی هەیەو ڕێگە بەهاتنە پێشەوەی ژن نادات».

وەســـفیە لە درێژەی لێدوانەکەیدا بەکارهێنانی سیستەمی کۆتا بۆ ئافرەتان ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت «ئەو کۆتایەی لەپەرلەمان بە ئێمەیان داوە، وەك خێرپێکردن وایە بۆ ئێمە، بۆیە ئومێدەوارم ژن بتوانێ بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی پۆستە باڵاکانی حکومەت داگیربکات، بەهیچ شـــێوەیەك نابێ چاو لەدەســـتی پیاوبین، ئێمە لەناو حزبەکەی خۆمان هەوڵمانداوە و ئێستاش بەردەوامین تەنانەت مام جەلالیش لەم ڕووەوە پشگیری کردووین و هەمیشە وەکـــو پارێزەرێك داکۆکی لەئێمەی ژنـــان کردووە، بێگومان بۆ کابینەی داهاتووش ئەگەر هەوڵ و تێکۆشانی خۆمان نەبێت، پێموانییە ڕێژەی زیاترمان لەم بەشداریکردنە هەبێت».

**بەشداریی ئافرەتان لەحکومەتدا سیمایەکی شارستانی بە کوردستان دەبەخشێت**

ئەڤین عومەر ئەحمەد چالاکی بواری ئافرەتان، بە پێویســـتی دەزانێت پێش تەشـــکیلکردنی کابینەی نوێی حکومەت هەموو حـــزب و لایەنەکان ئاگاداربکاتەوە کە «ئافرەتی کورد لەبواری کاری ئیداری و سیاســـیدا قۆناغێکی باشـــی بڕیوە، دەکرێ متمانە بەتواناکانی بکرێت و حیســـاب لەســـەر بۆچوونەکانی بکرێـــت، وەکـــو ئافرەتێـــك و چالاکێکی ئەو بـــوارە خوازیارم لەدەســـەڵاتی کوردی بواری زیاتر بە ئافرەت بدرێت، بۆئەوەی شانبەشانی پیاو بەشـــداری پۆستە سیادییەکانیش بکات، وەك چۆن لەپەرلەمان و کایەکانی دیکە بەشدارە، ئێمە نکۆڵی لەوە ناکەین کەوا لایەنە سیاســـییەکان پاڵپشـــتی ئافرەتیان کردووە بۆئەوەی بێتە مەیدانی خەبات و کارکردن، بەڵام بەپێی ویست و داخوازییەکانی ئێمەی چینی ئافرەتان نییە و تمووحی زیاترمان هەیە، لەبەرئەوەش تمووحمـــان زیاترە، چونکە بڕوای تەواومان بەخۆمـــان و بە تواناکانمان هەیە، پێموایە بەشـــداری پێکردنی زیاتـــری ئافرەتان لەلایـــەك وادەکات تواناکانـــی بخرێنەگەڕ، لەلایەکـــی دیکەوە ســـیمایەکی شارســـتانی بە کوردســـتانە خۆشەویستەکەمان دەبەخشێت.

**گرنگیدان بەئافرەت تەنیا لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە بەس نییە**

ئاشـــتی عەزیز هەڵســـوڕی بزووتنەوەی گۆڕان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «پێویستە حکومەتی داهاتوو بایەخی زیاتر بە پرســـی بەشـــداری ژنان بدات، چونکە گرنگیدان بەئافرەت تەنیا لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە بەس نییە بۆ پێشخســـتنی ژن، بەڵکو گرنگیدان و گەشـــەپێدانی لەلایەنی سیاسی و ئابووری شانبەشانی بواری کۆمەڵایەتی پێگەی ئافرەت و قایمتر دەکات، بـــەو پێیەی ئافرەتیش مرۆڤە ناکرێ ئەرکەکەی لەهی پیاو کە ئەویش مرۆڤە قورستر بکرێت و بڵێین پێویستی بەهەوڵی زیاتری ئافرەتە، بەپێچەوانەوە بە بەرزکردنـــەوەی تواناکان ڕووبەڕووی هەموو کێشەیەك دەبێتەوە، بۆیە نابێت ژنان لەم کۆمەڵگەیە ببنە قوربانی و پەراوێز بخرێن». گوتیشـــی «پەراوێزخستنی ژنان لەپۆســـتە حکوومییەکاندا چی دیکە مایەی قبووڵکردن نییەو پێویســـتی بە هەڵوەستە لەسەر کردنە، هەر کۆمەڵگەیەکیش بە تەندروســـت تاکەکانی پەروەردە نەکات و هەلومەرجی یەکسان و گونجاویان بۆ دەســـتەبەر نـــەکات، ئەو کات کۆمەڵێ تاکی لاواز بەرهەم دێت و دواجاریش بەســـەر حکومەت و کۆمەڵگە دەبێتەبار، بۆیە پێویستە تاکەکان و بەتایبەتی ژنان ئەو مەرجەیان بۆ بڕەخسێت کە گوزارشت لەتواناکانی خۆیان بکەن بۆ ئەوەی هەموو کۆمەڵگە لەتواناکانیان سوودمەند بێت.

بەدەیـــان ئافرەتی لێهاتووی بەتوانامان هەیە، ڕێگەیان لەبەردەم داخراوە

بەیـــان ســـلێمان ئەندامـــی مەکتەبی سیاســـی یەکگرتووی ئیســـلامی، ســـەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە ڕێژەی کەمیی بەشداری ئافرەت لەحکومەت و ناوەندەکانی بڕیاردانداا، جێگەی نیگەرانـــی ئافەتانە، چونکە «ئێمە بەدەیان ئافرەتی لێهاتووی بەتوانامـــان هەیە، بـــەڵام ڕێگەیان لەبەردەم داخـــراوە، ئەوەش دەبێتە هۆکاری دەرنەکەوتنی ئافرەتە بەتواناکان لەناو پۆســـتە هەستیارەکان»، گوتیشی «پێشـــنیاردەکەم لانیکەم بە ڕێژەی ٢٥٪ ئافرەت لەکابینەی داهاتوودا بەشـــداری پێبکرێت، لێرەدا مەبەســـت تەنیا پۆســـتی وەزیری نییە، بەڵکو دەکرێ پۆستی بەڕێوەبەری گشتیش بەشایستەی تواناکانی ئافرەت بزانرێت و لەپۆستە باڵاکانی حکومەت جێگەی ئافرەت بکرێتەوە».

گوڵان: کۆمەڵایەتی

# خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان داوای سەنتەری ڕاهێنان دەکەن

حکومەتی هەرێمی کوردســـتان لە کابینەکانی رابردوودا کۆمەڵێک هەنگاوی گرنگی بۆ باشترکردنی ژیانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان هەڵگرت، دیارترین هەنگاویش دەسنیشانکردنی مووچەی (١٥٠٠٠٠) دینار بوو، کە تا ڕادەیەک کاریگەری ئەرێنی لەسەر باری ئابوورییان هەبووە، بەڵام زۆر لە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان گلەیی لە نەبوونی ســـەنتەرێکی شیاندن و پێگەیاندن و خوێندن دەکەن و پێیانوایە کە ئەگەر سوود لە تواناکانیان وەربگیرێت، ئەوا خزمەتی زیاتر بە خۆیان و بە کۆمەڵگەش دەکەن.



**تیرۆوانینێکی کلاسیکی هەبوو کە گوایە کەمئەندامان ئەرکی سەرشانی کۆمەڵگە قورس دەکەن، بەڵام وا نییەو گرنگە ئەم کەسانە مەشقیان پێبکرێت، بۆ ئەوەی لەهێزێکی بێ بەرهەمەوە بکرێن بە هێزێکی بەرهەمهێن**



هاوار محەممەد یەکێکە لەو قوتابییە خاوەن پێداویستییە تایبەتییانەی کە بەهۆی نەبوونی ئامادەیی تایبەت بەخاوەن پێداویستیی تایبەت وازی لەخوێندن هێناوە، ئەو بە نیگەرانییەکی زۆرەوە باسی ئەوە دەکات کە «سەرجەم ئەو سەنتەر و پەیمانگەیانەی کە تایبەتن بە خاوەن پێداویستیی تایبەت، هەتا قۆناغی نۆی بنەڕەتییان تێدایە، دوای ئەم قۆناغە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان ناچار دەبن واز لەخوێندن بهێنن، بەوەش ئایندەمان زیاتر لەدەست دەدەین». گوتیشی «نەبوونی شوێنی تایبەت بە کەسانی وەك ئێمە، گەورەترین گرفتمانە، بەتایبەتی لەهاویناندا کە دەرگای سەرجەم پەیمانگە و سەنتەرەکانی خاوەن پێداویستیی تایبەتییەکان دادەخرێت، هیچ شوێنکمان نامێنێت، ئێمە دەتوانین لە تواکانمان سوود وەربگرین، بەڵام کەسانی چاوساغ هەن، باوەڕناکەن کە لەناو کەسانی کەمئەندامیشدا مرۆڤی داهێنەر و بەتوانای سەرکەوتوو دروست دەبێت، چونکە بەشێك لە ئەندامانی ناو کۆمەڵگەی ئێمە تائێستا باوەڕیان بەهێز و توانای کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت نییە».

محەممەد رەسووڵ یەکێکە لەو قوتابییە خاوەن پێداویستییە تایبەتییانەی کە سەرەڕای هەموو گرفتەکانی بەردەمی توانیویەتی زۆر سەرکەوتووانە سەرجەم قۆناغەکانی خوێند ببڕێت، ئەو ئێستا قوتابی کۆلێژی ئەدەبیاتە لە بەشی کۆمەڵناسی لە زانکۆی سەلاحەدین و بە هیوایەی زۆرەوە لە ئاسۆی دوارۆژی خۆی دەڕوانێت.

محەممەد دەڵێت «گرفتی سەرەکی ئێمە نەبوونی سەنتەر و پەیمانگەی شیاوە، چونکە ئێمە ڕووبەڕووی زۆر گرفت و کێشەی جیاواز دەبینەوە، ڕەنگە سەرەکیتریان لەدوای چوونمان بۆ ناوچاوساغان لەقۆناغی ئامادەیی دەستپێبکات، چونکە زۆربەی قوتابییەکان لەقۆناغی ئامادەیی هەرزەکارن و نازانن چۆن مامەڵە لەگەڵ خاوەن پێداویستیی تایبەتدا بکەن، واتە سەنتەرەکانی شیاندن و پێگەیاندن و خوێندن وادەکات سوود لە تواناکانمان وەربگیرێ، بەوەش خزمەتی زیاتر بە خۆمان و بە کۆمەڵگەش دەکەین، بۆیە بە بڕوای من باشترین چارەسەر ئەوەیە کە ئامادەییەکی تایبەت بە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بکرێتەوە، چونکە ئێستا زۆربەی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان دوای قۆناغی بنەڕەتی واز لەخوێندن دەهێنن».

محەممەد پێشنیار دەکات هاوینان پەیمانگە و سەنتەرەکانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دەرگایان کراوەبێت و خولی جۆراوجۆریان بۆ بکەنەوە» .

موئەیەد کەیفی یەکێکە لەو دەیان کەسەی کە بەهۆی نەبوونی ئامادەیی تایبەت بە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان ناچاربووە دەستبەرداری خوێندن بێت، ئەو ڕایوایە «ئاستەمە خاوەن پێداویستیی تایبەت بتوانێت لە ئامادەییە ئاساییەکاندا درێژە بە خوێندن بدات، چونکە هیچ جۆرە بوارێکیان بۆ قوتابیی خاوەن پێداویستیی تایبەت نەڕەخساندووە، ئیتر چۆن کەسێکی خاوەن پێداویستیی تایبەت بتوانێت ئالەم کەشوهەوا نالەبارەی ئامادەییەکاندا درێژە بەخوێندن بدات، ئەمە گرفتی زۆربەمانەو هیوادارم لە ئایندەیەکی نزیکدا ئامادەییمان بۆ بکرێتەوە». گوتیشی «کەسانی زۆر بەهەرمەند و بەتوانامان تێدایە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك سوود لەبەهرە و تواناکانمان وەرنەگیراوە، خۆم زۆر ئارەزووی مۆسیقا دەکەم و هیوادارم هاوینان خولی مۆسیقا بۆ بکەنەوە، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا خولی تایبەتمەندیان لەوبوارەدا بۆ نەکردووینەتەوە، پێویستە گرنگی زۆرترمان پێبدەن، بۆ ئەوەی ببینە کەسانی بەرهەمهێن، ئەگەر لایەنە پەیوەندیدارەکان وەك پێویست ئاوڕمان لێبدەنەوە، ئیمە کاری جوان و ڕێکوپێك و تەنانەت داهێنانیش دەکەین» .

سەردار کەریم وەك خۆی باسی دەکات، هەتا قۆناغی دووەمی بنەڕەتی چاوی ساغ بووە، بەڵام بە کارەساتی ئۆتۆمبێل بینایی لەدەست داوە، ئەو بە خەمبارییەکی زۆرەوە دەڵێت «چاو خۆشترین و شیرینترین دیارییە لەلایەن خودای گەورەوە کە بە ئادەمیزادەکانی بەخشیوە، من پێشتر بیناییم هەبووە، بەڵام دوای ڕووداوێکی ئۆتۆمبێل چاوم لەدەست دا، بۆیە زیاتر هەست بەئیش و ئازارەکانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان دەکەم».

ئارەزوو ئەحمەد کە یەکێکە لەخاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و کەسێکی بەهرەمەندە، ڕەخنەی زۆری لە «کۆمەڵگە بەگشتی و بەرپرسان ولایەنی پەیوەندیدار بە تایبەتی» هەیە، بەوەی کە کاریان لەسەر ئەوە نەکردووە کە تاکی بەتوانای خاوەن پێداویستیی تایبەت دروست بکەن، تاکی کۆمەڵگەش خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان تەنیا ڕووبەڕووی کێشە دەکاتەوە ە رۆحی ئاسانکاری و هاوکاری تیا نییە». گوتیشی «زۆر پێویستە گرنگی بەخاوەن پێداویستیی تایبەت بدرێت و کێشەکانیان چارەسەربکرێت، پێویستیشە بە هاندانیان وا بکەن ئەوانیش تواناکانیان بەدەربخەن، بەڵام بەداخەوە هەتا ئەمڕۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بەخاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان زۆر کەمتەرخەم بووە، بۆ نموونە سەنتەرێکی تایبەت بەخاوەن پێداویستیی تایبەت کە (پەیمانگەی رووناکی)یە تەنیا زستانان هەیەو وەك هەموو قوتابخانەیەکی ئاسایی و هیچ ڕەچاوی ئەوە نەکراوە کە ئەو قوتابییانەی خاوەن پێداویستیی تایبەتن، پێویستە هاوینانیش دەرگای پەیمانگەیان لەسەر پشت بێت، بۆ ئەوەی زیاتر هەوڵی خۆپێگەیاندن بدەن، خاڵێکی دی کە زۆر گرنگە ئەوەیە کە قوتابییە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان پێویستیان بەوەیە کە هەتا قۆناغی ئامادەیش تەواو دەکەن، هەر لەنێو دەزگا تایبەتمەندەکانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بن، چونکە ئەوان پێویستیان بە کەشوهەوایەکی زۆر تایبەت هەیە، بۆ ئەوەی بتوانن وەك پێویست کارەکانی خۆیان بکەن و ببنە کەسانی بەتواناو بەهرەمەند» .

توێژەری کۆمەڵایەتی هەنگاو باپیر، لە دەستپێکی قسەکانیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «کۆمەڵگەی ئێمە هەتا ئێستا بەشێوەیەکی تەندروست مامەڵەی لەگەڵ خاوەن پێداویستیی تایبەت نەکردووە، ئەوەی گرفتە ئەوەیە کە زۆر لەخاوەن پێداویستییە تایبەتەکان پێویستیان بەوەیە کە سەنتەرێکی تایبەتمەندیان بۆ بکرێتەوەو بەشێوەیەکی بەردەوام کراوە بێت، بۆ ئەوەی بتوانن کاری خۆیان بکەن، واتا پێویستە ئەو پەیمانگەیانەی کە ئەرکیان پێگەیاندنی کەسانی کەمئەندامە،

**سەنتەرێکی شیاندن و پێگەیاندن و خوێندن وادەکات سوود لە تواناکانمان وەربگیرێ، بەوەش خزمەتی زیاتر بە خۆمان و بە کۆمەڵگەش دەکەین**



کاری جددیتر بکەن، ئەو سەنتەرانە هەتا ئەمڕۆ کارەکانیان زۆر کەم سـنووردارە، پەیمانگە خاوەن پێداویستیی تایبەت هەیە لە ڕۆژدا تەنیـا چوار کاتژمێر دەرگای کراوەیە، لەو ماوە کەمەدا چۆن کەسـی بەرهەمهێن و داهێنەر دروسـت دەکەن؟ هیودارام لەکابینەی هەشتەمدا لەو بوارەدا کاری زۆر فراوانتر بکرێ».

لـەلای خۆیەوە عومەر فەقێ محەممەد ڕەسـووڵ (عومەر نورەدینی) کـە ئەزموونی پەرلەمانتـاری هەیە و بۆ خولی چوارەمی پەرلەمکانی کوردستان خۆی کاندید کردبوو، سەبارەت بـە تەوەری ئەم راپۆرتەی گوڵان گوتـی: «بێگومان خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان هێزێکی لەبن نەهاتووی کۆمەڵگەن و کۆمەڵێك تایبەتمەندی خۆیان هەیە کە پێویستە شان بەشانی ئەو تایبەتمەندییانە کاریان بۆ بکرێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە دەبێت بزانین کەمی ئەندامێکی جەسـتە مانای ئەوە نییە ئەو کەسە هیچ توانایەکی نییە، کەمئەندامی لە بەهاکان و شکۆمەندییان کەم ناکاتەوە، بۆیە ئەرکی دەسەڵاتە وەك پەرلەمان و حکومەت گرنگییان پێبدەن، بەتایبەت ئێمە دەبێت هەوڵبدەین بە یاساکانی خاوەن پێداویسـتییە تایبەتییەکاندا بچینـەوە، تا بتوانین زیاتر مافەکانیـان جێبەجێ بکەین، خاڵێکی دی ئەوەیە کە گرنگی بە لایەنی خوێندنیان بدرێت. تیڕوانینێکی کلاسـیکی هەبوو کە گوایە ئەم کەسـانە کەسانێکن ئەرکی سەرشانی کۆمەڵگە قورس دەکەن، بەڵام وا نییەو گرنگە ئەم کەسـانە مەشـقیان پێبکرێـت، بۆ ئـەوەی لەهێزێکی بێ بەرهەمـەوە بکرێن بە هێزێکی بەرهەمهێـن، ئەمەش بەهاندانیان بـۆ گەڕانەوە بۆ خوێندن و بە کردنەوەی سەنتەر و پەیمانگەی تایبەت بەم بوارە دەکرێ، کە پێشتر فەرامۆش کرابوو، ئەمە وادەکات ئەم کەسانە ببنە بنەمایەکی کۆمەڵایەتی بۆ بەرهەمهێنان، خاڵێکی دیکە کە پێم باشـە کاری لەسـەر بکرێت، ئەوەیە کە لە سەنتەری پارێـزگاکان ماڵی خاوەن پێداویسـتییە تایبەتەکان هەبێت، کە وەك دامـەزراوەی کۆمەڵایەتـی و کەلتووری و ڕۆشـبیری هەموو خاوەن پێداویسـتییە تایبەتەکان بتوانن لەوێ ئامادەبن، وەك سـەنتەرێکی مەشق و راهێنانیش بتوانن سوودی لێوەر بگرن».

**پەیمانگە خاوەن پێداویستی تایبەت هەیە لە رۆژدا تەنیا چوار کاتژمێر دەرگای کراوەیە، لەو ماوە کەمەدا چۆن کەسی بەرهەمهێن و داهێنەر دروست دەکەن؟**

**تاکی کۆمەڵگە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان تەنیا ڕووبەڕووی کێشە دەکاتەوە و رۆحی ئاسانکاری و هاوکاری تیا نییە**

